# لە یانەکانی کوردستان چ باسە؟

**ئەو بارودۆخە دژوار و پڕ گرفتە داراییەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، کاریگەری نەرێنی لە سەر هەموو بوارەکان داناوە و یەکێك لە زەرەرمەندەکانیش یانەکانی وەرزشی بوون، کە ئەو قەیرانە داراییە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر یانەکان داناوە و بووە هۆکاری ئەوەی چەندین یانە لە پاڵەوانێتیە جیاوازەکان پاشەکەشە بکەن، هەروەها لیژنەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردستانیش بەناچاری بڕیاری ڕاگرتنی خولەکانی وەرزشی دا و تەنیا لقەکانی یەکێتیە ناوەندییەکان بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیەکان سەرپشك کراون.**

ئارێبین رەمزی

## لیژنەی ئۆڵۆمپی و کەمکردنەوەی بودجە

لیژنـــەی ئۆڵۆمپـــی هەرێمی کوردســـتان مانگانە بودجـــەی تایبەتی خـــۆی هەبوو، کە بریتی بـــوو لە (٣٠٠) ملیۆن دینار و بەم بڕە پارەیە خولەکانی کوردســـتان لە گشـــت یارییەکان ئەنجام دەدرا و (٣٠) یەکێتی وەرزشی لێی سوودمەند بوون، بەڵام ئەم بارودۆخـــە داراییە خراپە بووە هۆکارێك تاوەکو بودجـــەی لیژنـــەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردســـتان بۆ (١٥٠) ملیـــۆن دینار کەم بکرێتەوە، ئەمەش کاریگەری ڕاســـتەوخۆی لەسەر یەکێتیە وەرزشییەکان کرد، بۆیە بە بڕیارێکی فەرمی لە لیژنەی ئۆڵۆمپی هیچ یەکێتی وەرزشییەك بۆی نییە خولەکان ئەنجام بدات، تاوەکو ئەم بارودۆخە چارەسەر دەبێت، ئەم بڕیارەی لیژنەی ئۆڵۆمپی لێکدانەوەی جیـــاوازی بۆ کرا، هەندێك یانە دەستخۆشـــییان لێکردن و هەندێکی دیکەش لەگەڵ بەشێك لە یەکێتییە وەرزشـــییەکان لەو بڕیارە ناڕازی بوون، بەڵام لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بڕیارێکی دیکەی دا، کە یەکێتی لقەکانی شـــارەکان دەتوانن خولەکان لە ئاستی پارێزگاکانی کوردستان بۆ یانەکانی شارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

## دهۆك دەرگای یانەکەی داخست

هەر بەهۆی ئەم قەیرانە داراییە یانەی دهۆك لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بەفەرمی هەڕەشەی داخستنی دەرگای یانەکە دەکەن، ئەگەر پارێزگای دهۆك یاخود وەزارتی ڕۆشـــنبیری و لاوان بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی وەرزشـــی پشتگیریی یانەکـــە نەکەن لە ڕووی داراییەوە، بۆ ئەم مەبەســـتەش یانەی دهۆك بە فەرمی دەســـتبەرداری شـــەش یاریزانی سەرەکی تیپـــی تۆپی پێی یانەکە بـــوون، کە لە خولی عێراق یاری دەکەن، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی تیپەکە دەبێت لە خولی عێراق، چونکە یانەی دهۆك تا ئێستا لە پێشەنگی کۆمەڵەی خۆیدایـــە لە هەمان کاتدا بڕیاری هەڵپەساردنی یارییەکانی دیکەش هەیە، بەتایبەتی تۆپی باســـکە، کە مێژوویەکی دێرینی هەیە.

## سلێمانیش بای بای

دوای ڕووداوەکانی یاری نێوان هەردوو یانەی سلێمانی و نەفت لە خولی نایابی عێراق بۆ تۆپی پێی، کە بووە هۆکاری درووست بوونی ئاژاوگێڕی لە یاریگەی ســـلێمانی، یەکێتی تۆپی پێی عێـــراق چەندین بڕیاری قورســـی دا، وەکو ســـزادانی یانەی سلێمانی بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار و ئەنجامدانی پێنج یاری لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بە بـــێ جەماوەر و هەژمارکردنی یارییەکـــە بە دۆڕانی ســـلێمانی بە ئەنجامـــی (٣-٠) گۆڵ، ئەمەش کاردانەوەی گەورەی لە لایەن سلێمانییەکان هەبوو، کە بـــە فەرمی تانەیان لە بڕیارەکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دا و هەڕەشـــەی کشـــانەوەیان لە خولی نایابی عێراق کرد، ئەگەر یەکێتـــی تۆپی پێی عێراق لە بڕیارەکەی پاشـــەگەز نەبێتەوە، بەتایبەتی لە ئەنجامی یارییەکە.

هەرچەندە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بەهۆی ســـەرقاڵبوونی بـــە پاڵەوانێتـــی جامی کەنـــداو تا ئێســـتا بەفەرمی وەڵامی تانەکەی یانەی ســـلێمانی نەداوەتەوە، بەڵام یانەی ســـلێمانی بە فەرمی کشـــانەوەی خۆی لە خولی نایابی عێراق ڕاگەیاند و دەســـتبەرداری زۆربـــەی یاریزانە عەرەبەکان بـــوو، هەروەها دەستبەرداری ئەستێرەی یانەکە (هۆزان ئیسماعیل) بوو، بەڵام چاودێرانی وەرزشی لە شاری ســـلێمانی ئەم بڕیاری دەستەی کارگێـــڕی یانەکە بە تەکتیك دادەنێن و هاوکات تۆمەت دەخەنە پاڵ دەســـتەی کارگێڕی یانەی ســـلێمانی، کـــە هۆکاری ئاژاوەگێڕی یارییەکەی نەفت و سلێمانی بە ئەنقەست

رووبداوە، تاکو ببێتە هۆکارێك بۆ کشانەوەی یانەکە لە خولی نایاب، چونکە یانەی سلێمانی لە کۆی ٤ یاری هیچ خاڵێکی نییە و دەستەی کارگێڕی یانەکە دڵنیا بوون، کە ناتوانن لە وەرزی داهاتوو هەر لە خولی نایابی عێراق یاری بکەن و دادەبەزن بۆ خولی پلە یەك، بۆیە ئەم بڕیاریان داوە، هەرچەندە ڕەنگە لەسەر ئەم بڕیارە یانەی سلێمانی تووشی سزایەکی قورسی دارایی و کارگێڕی بێت لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی عێراق و ڕەنگە بڕیاری دابەزاندنی بۆ یانەکانی خولی پلە دووی عێراق بدەن.

ئەم بڕیارەی دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی لەلایەن جەماوەر و وەرزشدۆستان و ڕۆژنامەنووسانی شاری سلێمانی ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە.

## بروسك مێژووەکەی خۆی لە چاڵ نا

یانەی بروسك یەکێکە لە یانە دیارەکانی کوردستان و مێژوویەکی دێرینی هەیە لە کوردستان لە گشت یارییەکان و قوتابخانەیەکی بەرهەمهێنەر بووە بۆ پێگەیاندنی یاریزانان، بەتایبەتی لە تۆپی پێی، بەڵام ئەم مێژووە دێرینەی بروسك یارمەتیدەر نەبوو، کە یانەکە لە قەیرانی دارایی ڕزگار بکرێت و دەستەی کارگێڕی یانەکە بە فەرمی بڕیاری داخستنی دەرگای یانەکەی دا و کشانەوەی خۆیان لە خولی نایابی کوردستان ڕاگەیاند، هەرچەندە بەپێی زانیارییەکان یانەکە چەندین پەیمانی لەلایەن سەرمایەدارانی شاری هەولێر، کە پشتگیری یانەکە دەکەن، هەروەها چەندین بەرپرس هەمان پەیمانیان پێدان، بەڵام دەستەی کارگێڕی یانەکە ئارامی نەگرت و بڕیارەکەی خۆی جێبەجێکرد، ئەم بڕیارەش ناڕەزاییەکی گەورەی لە لایەن یاریزانانی یانەکەوە لێکەوتەوە و دواتر هەر یاریزانێك چووە یانەیەکی دیکەی کوردستان. بە قسەی ئەو یاریزانانە ماوەی دوو ساڵە لە مەشق و ڕاهێنان لەگەڵ یانەکە بەردەوامن و «لە خراپترین یاریگەی کوردستان»، کە یاریگەی بروسکە بە گەرما و سەرما یارییان کردووە، کەچی بە بڕیارێك لە تام و چێژی خولی کوردستان بێبەش کران، تا ئێستاش دەستەی کارگێڕی یانەی بروسك بێدەنگی خۆی لەسەر ئەم بڕیارە نەشکاندووە و نازانرێ ئایا پڕۆگرامی داهاتوویان بۆ ڕزگاربوون لەم قەیرانە داراییە چییە.

## سیروانی نوێ هەڕەشە دەکات

بەپێی هەواڵە نافەرمییەکان یانەی سیروانی نوێ هەڕەشەی کشانەوە لە خولی پلە یەکی کوردستان دەکات ئەگەر هاتوو هاوکاری نەکرێت، تا ئێستا یانەکە لەسەر ئەم بابەتە هیچ قسەیەکی فەرمی نەکردووە، بەڵام بەپێی چەند کەسانێکی نزیك لە یانەکە، سیروانی نوێ لە قەیرانێکی داراییدایە و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە داراییە دەدات، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی ڕزگار بکات.

## چارەسەر چییە؟

چەندین یانەی دیکەش هەن، هەمان کێشەی قەیرانی داراییان هەیە، بەڵام ئەوان بڕیاریان داوە بێدەنگ بن و بەشداری چالاکییەکان نەکەن، بە گوتەی ئەوان ڕێگە بە خۆیان نادەن، پاڵەپەستۆ لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان درووست بکەن، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەڕێکی دژوارادایە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان لە دەستی تیرۆریستان، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی قەیرانی دارایی یانەکان وەبەرهێنان و ڕیکلامە.

هەفتەی داهاتوو لەسەر ئەم بابەتە زانیاری زیاترتان پێدەدەین.




# ٤٠ ملیۆن پاوەند لەیانەی ئەرسناڵەوە بۆ هێنانی ئیسکۆ

ڕاپۆرتـــە ڕۆژنامەوانییە ئینگلیزییـــەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە یانەی ئەرســـناڵ ئامادەیە بڕی چل ملیۆن پاوەند بدات بۆ بەدەســـت هێنانی تواناکانی یاریزانی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیسکۆ.

لای خۆیەوە ڕۆژنامەی میترۆی ئینگلیزی نووســـیویەتی یانەی ئەرســـناڵ شانبەشانی یانەی مانچستەر ستی لە وەرزی گواستنەوەی هاوینەی ڕابردووەوە گرنگیەگی زۆری داوە بەمۆرکردنـــی گرێبەســـت لەگەڵ ئەو یاریزانـــە، بـــەڵام بڕیاری کۆتایـــی یانەی ریال مەدریـــد ڕەتکردنەوەی ڕۆیشـــتنی ئەو یاریزانە بووە.

لەلایەکی ترەوە لە ئێستادا هەواڵی گرنگیدانی یانەی ئەرسناڵ بە بەدەست هێنانی تواناکانی ئەو یاریزانە بۆ ماوەی گواستنەوەی زستانە بەبـــڕی چل ملیۆن پاوەند بۆتە جێی باس و خواسی زۆری میدیاکان.

لەلایەکـــی ترەوە لە ئەگەری دەســـت بەرداربوونی یانـــەی ریال مەدرید لەو یاریزانە ئەوا مانچســـتەر ستی دەبێتە ڕکابەرێکـــی بەهێزی ئەرســـنال بۆ بەدەست هێنانی تواناکانی ئیسکۆ.



## مان یونایتد داوای ماتس هۆملیس دەکات

ڕۆژنامەی دایلی ستار بڵاویکردۆتەوە یانەی مانچستەر یونایتد ئامادەیە بۆ هاوینی داهاتوو گرێبەستێکی سەرنجڕاکێش بۆ کڕینی بەرگریکاری ئەڵمانی یانەی برۆسیا دۆرتمۆند ماتس هۆ ملیس پێشکەش بکات.

ئەمەو بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵەکان یاریزانی تەمەن بیست و پێنج ساڵ ماتس هۆملیس بۆتە جێی گرنگ و بایەخی یانەی شەیتانە سوورەکان بەمەبەستی پتەوکردنی ریزەکانی بەرگری تیپەکە.


هەروەها بەپێی زانیاریەکان یانەی مان یونایتد بڕی چل و حەوت ملیۆن پاوەندی ئامادەکردوە بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەل یاریزانی ناوبراو.

شایانی باسە ئەم دەنگۆیانە لەکاتێکدایە ماتس هۆملیس جێی گرنگی پێدانی یانەی ئەرسناڵیشە بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ واژوو بکەن.

## فیرناندۆ: دۆڕاندنەکانی مان سیتی یارمەتی چێلسی داوە



یاریزانی بەرازیل و یانەی مانچستەر سیتی فیرناندۆ دووپاتیکردەوە یانەی چێلسی بەچەند هۆکارێك توانیویەتی ببێتە یەکەمی خوولەکە بەتایبەت دوای دۆراندنی مان ستی لەچەند یارییەکدا.هەروەها فیرناندۆ بۆ ڕۆژنامەی دەیلی ستاری ئینگلیزی ڕوونکردۆتەوە خولی پریمەرلیگ زۆر بەهێزە و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کێبڕکێی تیپەکان بۆ نازناوەکە. هەروەها ناوبراو جەختیکردۆتەوە هەرچەندە یانەی چێلسی تیپێکی گەورەو بەهێزە توانیویەتی تا ئێستا بەسەرکەوتوویی لەسەرەوەی ریزبەندی وەرزی ئەمساڵ بن، بەڵام سەرجەم تیپەکانی تریش یاریزانی بەهێزو بەتوانایان هەیە کە دەتوانن پێشیان لێبگرن و بیان وەستێنن. لەبەشێکی تری قسەکانیدا فیرناندۆ وتی ئەگەر یانەی بلوز کەوتە دوامان و تووشی شکست هات لەبەرامبەرمان ئەوا دەبێت تا یاری کۆتایی خولەکە یاری بکەین، چونکە هەمیشە نزیکین لە بەدەست هێنانی نازناوەکە هەرچەندە دەستپێکمان لەخولی ئەمساڵ زۆر خراپ بوو.





## کەریم بنزیمە گۆڵ تۆمار بکات ریال مەدرید دەیباتەوە

یاریزانی یانەی شاهانە کەریم بنزیمە بۆتە جادووگەرێکی گەورەی یانەکە بۆ وەرزی ئەمساڵ، چونکە لەهەر یاریەك ناوبراو گوڵی تۆمارکرد بێت ئەوا یانەی ریال مەدرید سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

لەم ڕووەوە پێگەی دیڤنسا سنترال ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە تیپی شاهانە لەسەرجەم ئەو یاریانەی کەریم بنزیمە گۆڵی تۆمارکردبێت دەباتەوە، بەجۆرێك پێنج یاری لەخوولی ئیسپانیا و چوار یاریش لە پاڵەوانیەتی پاڵەوانەکانی ئەوروپا. بەپێی ئامارەکان کەریم بنزیمە سەرەتای گۆڵکردنی ئەمساڵ لەگەل یانەی کوردوبا بوو دواتر ئەتلەتیك بلباو و بەرشلۆنە و گرناتە و رایۆ ڤالیکانۆ، بەڵام لەخولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەیانەی بازل و لیڤەرپول گۆڵی تۆمارکردووە، جێگای باسە کەریم بنزیمە زنجیرەیەك گۆڵی لە وەرزی ئەمساڵ تۆمارکردووەو بۆتە گۆڵکاری ریال لە پاڵەوانیەتی ئەوروپا بەتۆمارکردنی پێنج گۆڵ و شەش گۆڵیشی لە خولی ئیسپانیا تۆمارکردووە.